# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی حیزی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
# لە یادی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ناسیونالیستی بەعسەوە

17 ساڵ لەمەوبەر لە مانگی نیسانی ساڵی 1988دا حکومەتی دڕەندەو خوێنمژو دیکتاتۆری ناسیونالیستی بەعس، پاش ئەوەی کە گەروی ناسیونال-شۆڤێنیزمی عەرەبی بە کیمیایی بارانی هەلەبجە، ئاسودە نەبوو، وە بۆ قایمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستاندا، پێویستی بەوەهەبوو، کە فتوحاتو ئەنفالی خەڵکی کوردستان دەست پێبکات، کە قوربانیەکانی زیاتر لە سەدو هەشتا هەزار ئینسان بوون، کە زۆربەیان منداڵو پیرسال بوون. کوشتنو سەربڕینی سەدو هەشتا هەزار ئینسانی تر لە کوردستان بۆ ئەم حکومەتە هارەی ناسیونالیزمی بەعس پێویست بوو، بۆ ئەوەی ئاسودە بێت لە کوردستان، بۆ ئەوەی ڕقو کینەو هەستی نەتەوەپەرستی عەرەبی فێزەونو بۆگەن، بڕژێنێت بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

بەرپرسی یەکەمی ئەم تاوانە گەورەیە دەرەحەق بە خەلکی کوردستانو کۆمەڵگای بەشەری، لە ئەستۆی بزوتنەوەو حیزبو دەسەلاتێکدایە کە ناسیونالیزمی عەرەبو نەتەوەپەرستی عەرەب سەرلەوحەی بەرنامەو سیاسەتو یاساو دەستورەکەیبوو، صدام حسینو علی کیمیایی‌و تەها جەزراوی‌و نزار خەزرەجی‌و وەفیق سامەرائی... هەموو ئەم تاوانبارانە، ڕۆڵەی بە ئەمەکی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بوون. نۆکەرانو بەکرێگیراوانی ئەم ناسیونالیزمە لە کوردستان لە شیخ جەعفەرو تەواوی سیخورو موستەشارەکانەوە کە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە رزگارگرانو کرانە بەرپرس یان ڕەوانەی دەرەوە کران، ئەلقە لەگوێی ئەم دەسەلاتە بونو بە بەرگی کوردی‌یەوەو خوێن مژی خەڵکی کوردستان بونو ڕاستەوخۆ بەرپرسن لەم تاوانەی دەرحەق بە خەڵکی کوردستانو خێزانانی ئەنفالکراوەکان پیادە کراوە.

ئێمە ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی ئەم کارەساتە ئیسنانیە گەورەو جەرگبڕە، ئەم جینۆسایدە دەکەینەوە کە ئیسلامی سیاسی شیعی لەگەل ناسیونالیزمی کوردا، خەریکن دەوڵەت ساز دەکەن، خەریکن دەستور دادەڕێژن، وە خەریکن بە هەموو توانایانەوە ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی بنلادنی لە ژێر ناوی " عەرەبی سوننە"دا دەئاخننە نێو دەوڵەتو دەسەلاتەوە، دەوڵەتێك کە لەسەر ئەم بناغەیە پێك بێت، نەك ناتوانێت فورسایی ئەو کارەساتە جەرگبڕە لە زەینی ئینسانەکاندا کاڵ بکاتەوەو شادیان بکات بە ژیانو گوزەرانێکی خۆشترو باشتر، بەڵکو بۆخۆی زەمینەی لێك ترازانو هەلوەشانو شەڕو کێشەی قەومی‌و تائیفی‌و تاوانی گەورەی ڵێدەبێتەوە دەرحەق بە خەڵکی کوردستانو تەواوی خەڵکی عێراق‌و زەوتکردنی تەواوی مافە سیاسی‌و مەدەنی‌و فەردییەکانیان.

بۆ رزگاربون لە دڵەڕاوکێ‌و چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە چارەنوسی سیاسیان، بۆ رزگاربون لە مۆتەکەی دوبارەبونەوەی کیمیایی بارانو ئەنفالکردن، وە بۆ دەستڕاگەیشتن بە مافە سیاسی‌و مەدەنی‌و فەردییەکانی خەڵکی کوردستان، لە یادی ئەم جینۆسایدەی دەسەڵاتداریێتی قەومی بەعسدا، وە بۆ سارێژ بونی زامو خەمەکانی خێزانی ئەنفالکراو و کیمیایی بارانکراوەکان، پێویستە خەڵکی کوردستان جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی نا قەومی‌و نا دینی، بکەنە سەرلەوحەی خەباتو تیکۆشانو نارەزایەتیەکانیان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ریزی پێشەوەی ئەم خەباتەدا تێدەکۆشێت.

2005/3/31